## بەڵگەنامە گرینگەکەی دکتۆر و ڕزگارکردنی کۆماری ئیسلامی لە هێرشی ئەمریکا



**ئەمیر**

ماوەیەک لەمەوبەر سەرۆک کۆماری ئێران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە تاران لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری (وڵاتی ئەمڕۆ) بۆچوونی خۆی لە سەر سیاسەتەکانی ئەمریکا دەربڕی و گوتی : هەندێک کەس وادەزانن مەبەست لە هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و ئەفغانستان، ئێرانە. لەوانەیە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە خەیالیاندا بیر لە ئێران بکەنەوە، بەڵام دوای خۆپیشاندانی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ئەمەیان بە خەیاڵدا نایە و لە قسە زلەکانیاندا ئێران دەخەنە ڕێز پەڕەوە.

هەروەها دکتۆر ئەحمەدینەژاد لە پاش ئەوەی بە باشی تێفکری و زەحمەتێکی زۆری بە مێشکی خۆی دا، ئاشکرای کرد کە بەڵگەنامەی پێویستی لەبەردەستدایە کە دەریدەخا ئەمریکا دوای ئەفغانستان و عێراق هێرش دەکاتە سەر وڵاتی هیند.

ئەز لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەم هەڵوێستەی ئەحمەدینژاد دەتوانێ چوار ئامانجی لە پشتەوە بێ.

یەکەم: دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی خەڵک و کاربەدەستانی وڵاتی هیند.

دووهەم: وەردان بە هێزەکان و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی.

سێهەم: بێهیواکردنی ناڕازییانی نێوخۆیی وڵاتی ئێران لە پشتیوانیی دەرەکی.

چوارەم: سەرگەرمکردنی بیروڕای گشتیی جیهانی و دوورخستنەوەی لە پرسی چالاکییە ئەتۆمییەکانی وڵاتی ئێران.

بەگشتی من وای بۆ دەچم کە ئەمە یەکێکە لە زنجیرە سیاسەتە خەڵکخەڵەتێنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و (گومان نییەکەم) بەڵگەنامە گرینگەکانی دکتۆر، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هێرشی دەرەکی ڕزگار بکا.

با ئەحمەدینژاد قامک لەسەر گوێی خۆی دانەنێ و دڵی بەو شتانە خۆش نەکا. ئەو دەبێ باش بزانێ کە ناوخۆ و دنیای دەرەوە، لەناوبردنی حکومەتە گەندەڵ و ئیکسپایرەکەی ئەو و خامنەیی دەوێ، نەک وڵاتی هیند!

# مەولەوی

**شاخەوان**

سەید عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوەگۆزیی کە لە ناو خەڵکا بەناووبانگە بە «مەولەوی» و لە جیهانی شێعرا نازناوی (مەعدوم) و (مەعدومی) هەیە، لە بنەماڵەیەکی تا چەند پشت مەلا و مەلازادەی ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و ئەچێتە سەر «پیری خدری شاهۆ» کە یەکێکە لە پیاوە ئایینیە هەرە پیرۆزەکانی ناوچەی هەورامان.

لە ساڵی ١٨٠٦ یا ١٨٠٧ دا لە دێی «سەرشاتەی خوارەوە» لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی تاوەگۆزی هاتووەتە دنیاوە و بە عادەتی ئەو سەردەمەی کوردستان کە خوێندن تەنها لە حوجرەی فەقێی پاڵ مزگەوتی شار و گوندە گەورەکان و ئاغای دێیەکاندا هەبووە، لای باوکی لە حوجرە دەستی کردووە بە خوێندن و پاشان بە خوێندنگا بەناوبانگەکانی ناوچەی ئەردەڵان و بابان دا گەڕاوە بۆ خوێندن و بە دوو قۆناغ خوێندنی مەلایەتیی تەواو کردووە و زانایەکی بەناوبانگی لێ دەرچووە، سەرەڕای ئەوەی کە شێعرەکانی ناسک و بەرز و لە ناوچەی ئەردەڵان و بابانا بێ هاوتا بووە.

مەولەوی بۆ خوێندن، گەلێ ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی گەڕاوە و ئیجازەی مەلایەتیی لای مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشەیی لە سلێمانی وەرگرتووە و لە هەندێ لە دێهاتی ناوچەی هەڵەبجە و پاشان لە «سەرشاتەی زێد»، خۆی بە مەلایەتی و پێگەیاندنی فەقێ و نووسینی بەرهەمەکانیەوە خەریک کردووە.

ئەو هەر لە سەرەتای مەلایەتییەوە ڕێگای سۆفییەتیی گرتووەتە بەر و لە سەر دەستی شێخ عوسمانی سیراجەددینی تەوێڵەیی خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا درێژەی بە تەریقەت داوە و پاشانیش خۆی داوەتە دەستی شێخ بەهائەدینی کوڕی و پێوەندی و دۆستایەتییەکی پتەوی لەگەڵ گەورەترین شێخەکانی تەریقەتی قادرییشدا هەبووە.

لە ناو پیاوانی دنیایشدا، لە دوا قۆناغەکانی خوێندنیدا لە سلێمانی، پێوەندیی لەگەڵ «ئەحمەد پاشای بابان» و «قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف» و «حەمە پاشای برای» و «مەحموود پاشای» کوڕی «حەمەپاشا» و «ڕەزاقولی خان» و «غولام شا خان»ی کوڕی «خوسرەوخانی ئەردەڵان» هەبووە و لە ناو شاعیران و ئەدیبانی سەردەمی خۆیشیدا پێوەندیی لەگەڵ زۆریان بووە و نامەی بە شێعر بۆ نووسیون.

پێوەندیی مەولەوی بە شێخانی تەوێڵەوە هۆیەکی کاریی بووە لە بڵاوبوونەوەی ناوبانگیدا وەک مەلایەکی گەورە و لەم ڕێگایەوە زۆر لە مەلا گەورەکانی کوردستانی ناسیوە و بەرهەمە زانستی و شێعرەکانی بەناو مەلا و فەقێ و تێکڕای خوێندەوارانی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە. هەر ئەم پێوەندییەشی هەلی بۆ سەفەری پڕ ئەرکی هێورکردنەوەی باری ئاڵۆزی نێوان خەڵکی سوننی مەزەبی سنە و ئەردەڵانییە بە شیعەبووەکانیانی بۆ ڕەخساندووە. هەر لەم ڕێگایەشەوە ئەوەی بۆ لواوە بچێ لە سنە لە سیمینارێکی گەورەی دیالۆگی نێوان مەلایانی سوننی مەزەبی کوردستان و گەلێک مەلای گەورەی شێعەی ئێرانیدا لە بارەی بابەتە ئاڵۆزەکانی ناکۆکیی مەزهەبی نێوان سوننی و شیعەوە بەشداری بکا. مەولەوی لە ساڵی ١٨٨٢ یا ١٨٨٣ و لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بە سەربەرزییەوە لە نزیک دێی «سەرشاتە»، ئەو گوندەی تێدا لەدایکبووە، نراوەتە کۆشی گەرمی دایکی نیشتمانەوە. ئێستا ئارامگاکەی زیارەتگای ڕێبوارانە و دانیشتوان بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن.



# یادی هونەرمەندی نەمر محەممەدی مامڵێ بەخێر



**کاکەڕەش**

ئەو گوڵەی مەشهووری گشت عالەم بوو کوا؟ یادی بەخێر
مەیلی وی دەرمانی دەردی من بوو کوا؟ یادی بەخێر

٤ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ١٢ هەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد، مامڵێ بوو. لە ٤ی ڕێبەندانی ٢٦٩٨ کوردی لە نێو پەژارە و ماتەمێکی بەربڵاوی هاوڵاتیان لە شاری مهاباد، تەرمی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەممەدی مامڵێ گەورە هونەرمەندی دەنگخۆش و مەقامبێژی بەتوانای کورد، بەڕێزەوە لە سەر شانی هۆگرانی هونەر و مۆسیقای کوردی، بەرەو گۆڕستانی «بوداق سوڵتان» ڕاگوێزرا و چووە ریزی هونەرمەندانی نەمری کوردەوە.

بۆ خزمەت بە کولتوور و هونەری ڕەسەنی گەلەکەمان، جیا لە کاک محەممەدی مامڵێ، سەرجەم بنەماڵەکەیان هەر لە کۆنەوە تێکۆشاون و هیچ کات وەک بنەماڵە ڕێچکەی یەکتریان بەرنەداوە و هەردەم تێکۆشانیان لەو ڕێبازە هونەرییەدا بووە.

مامۆستا محەممەدی مامڵێ بە دەنگە خۆش و هەست بزوێنەکەیەوە زیاتر لە ٥٠ ساڵ خزمەتی بە هونەری کوردی کردووە. مامڵێ تا لە ژیاندا بووە، حەولی داوە بە دەنگە بەسۆز و خۆشەکەی بۆ گۆرانییەکانی کەڵک لە شێعری شاعیرانی گەورەی نەتەوەکەمان وەک مامۆستا هەژار و هێمن و وەفایی وەربگرێ، لە بەرانبەریشدا ئەو شاعیرە مەزنانە لە کۆمەڵێ لە پەرتووکەکانیاندا باسیان لە گەورەیی و تواناکانی ئەو هونەرمەندە نەتەوەییە کردووە. ئەگەر چی ئێستا مامۆستا محەممەدی مامڵێ بە جەستە لە نێوماندا نەماوە، بەڵام دەنگی بەسۆزی هەر زیندووە و بووەتە قوتابخانەیەک بۆ هۆگرانی مووسیقای ڕەسەنی کوردی. یادی هەر زیندوو و ڕۆحی هەر شاد بێ.

# ئاش داهێنانی کوردە

**سەیوان**

ئاشی کوردی دەزگایەکە کە لەسەر بنەمای میکانیکی کاری کردووە. دروستکردنی بەش و ئامێرەکانی ئاش هەمووی زادەی مێشک و بیری مرۆڤی کورد بووە. بەشێک لە گەڕیدە بیانییەکان بەگرینگی باسیان لە داهێنانی ئاشی کوردی کردووە. بەداخەوە مێژووی دروستکردنی ئاش لەلایان کوردەوە مێژوویەکی روونی نییە و تەنها هێندێک سەرچاوە نەبێ کە ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسکردی ناوچەکانی هەورامان بووە. بەڵام ئەوەی گرینگ و بەبایەخە ئەوەیە کە راستیی ئەوە سەلمیندراوە کە ئاش یەکێک لە داهێنانەکانی کوردە و لەلایان گەڕیدە بیانییەکانەوە باسی لێوەکراوە و بووەتە هۆی سەرسوڕمانیان. ئەو چەشنە ئاشەی کە لە ناوچەی کوردەواریدا بەکار هاتووە و دروستکراوە زۆرتر ئاشی ئاوی بووە کە ئەوڕۆکە لە ناوچەکانی کوردستاندا نەماوە و جێی خۆی داوە بە ئاشی نوێی ماشینی.

ئاش ئامێرێک بووە کە گەنم و جۆ و دانەوێڵەی تریان پێ هاڕیوە و کردوویانەتە ئارد. ئەو شوێنەی کە ئەم ئامێرەی تێدا دەنێنەوە بە ئاسیاو یان ئاش ناو دەبەن. وەک وتمان ئاش یان ئاسیاو لە وڵاتی ئێمەدا لە وەتی باب و باپیرانمان لە بیریانە، زیاتر بە ئاو کاری کردووە، بەڵام لە ئۆرووپا زیاتر ئاشی بایی باو بووە. ئاشی ئاوی دووبەردی گەورەی بووە کە ناوی ئەم بەردانە «بەرداش» بوون. ئەم دوو بەردە لەسەریەک دادەندران. بەردی بنەوە نەدەجووڵا و ئەوەی سەرەوە بە زەبر و تەکانی ئاوێک کە بە تەوژم بە دۆڵاشدا دەهاتەخوار، سووڕاوە.

«دۆڵاش» واتە دۆڵی «ئاش» دارێک بووە کە ناوەکەیان هەڵدەکۆڵی و بەتاڵیان دەکرد و شەش تا دە میترێک درێژایی بووە و سەرەکەشیان تەختەچن دەکرد. ئاو بە ناو دۆڵاشدا وەک جۆگە دەهاتەخوار (لەم دواییانەشدا دۆڵاشیان بە بەرمیل ساز کردووە.) بۆ ڕاگیربوونی دۆڵاش دیوارێکی بچووکیان ساز دەکرد کە «ناوەسار» یان «حەواڵە»یان پێ وتووە. ئاش دەبوا لە شوێنێکی چاڵدا بوایە. لەبەر ئەوەی کە ئاوەکە بە هێز و خێرا بهاتبایە، خوارەوەی دۆڵاشەکەیان بە تەختە دەبەست و کونێکیان لە نێو تەختەکە دەکرد کە بەم کونەیان دەوت: «زەمبوورە» یان «زەمبوورەک».

ئەم ئاوە کە بە تەوژم دەهاتەخوار، دەدرا لە «پەڕڕە». «پەڕڕە» چەن تەختەیەک بووە بە درێژایی نزیک نیومیتر کە زیاتر لە دە دانە دەبوون و بەم جۆرە دەهاتنە گەڕ و دەچەرخان. لەو شوێنەی کە ئاو دەهاتە نێو ئاسیاوەوە چەن داریان لەلای یەک دەچەقاند تا بەرد و چیلکە و شتی زیادی نەیەتە ناوەوە. ڕەنگە تەوژمی ئاو ببێتە هۆی ئەوە کە پەڕڕەیەک لە پەڕڕەکان بچڕێ و ئاو ببیا، بۆیە چەن داری دیکەیان لە شوێنی تایبەتی دەرەوەی ئاسیاو دەچەقاند کە لە هێندێک ناوچە بەمانەیان وتووە «پەنجەر»ە.

پێویستە بزانین کە پیشەی ئاشەوانی و ئامرازەکانی، جێگایەکی تایبەتیان لە نێو مەتەڵ و پەندی پێشینیانماندا هەیە. من لێرەدا ئاماژەم بە چەند دانەیەکیان کردووە:

ئاشی ئاولێبڕاو: تەشەرە لە پیاوی دەستەوەستان و بێکار.

ئاش بە نۆرە: واتە هەموو شتێ بە نۆرەیە.

سەرم لە ئاشدا سپی نەکردووە: واتە کەسێکی بە ئەزموونم.

لە ئاش زۆری پێ چووە، لە ڕێگا بە پەلەیە: بۆ کەسی بەپەلە بە کار دەبرێ.

دەڵێی ئاشە: ئەمە بە کەسی بەپەلە دەوترێ، بۆوێنە: ماشەڵڵا دەڵێی ئاشە، بەشی ئێمەی نەهێشتووەتەوە.

ئاش بەتاڵ: بۆ کاری نیوەتەواو بەکار دەبردرێ.

باران بباری ئاشم دەگەڕێ، خۆش کاتەوە جووتم دەگەڕێ: بۆ مرۆڤێکی دارا و کامەران بەکار دەبرێ.

ئاش کاری خۆی دەکا، چەقەنە سەری خۆی دەشکێنێ: بۆ کەسێکە خۆی لە کاری کەسی تر تێ هەڵدەقورتێنێ.

ئاشەوان دەزانێ چ لە ئاشدایە: واتە هەر من (وێژەر) دەزانم چ خەبەرە.

ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ: مەبەست ئەوەیە هەر کەس لە بیری قازانج، یان کێشە و گیروگرفتی خۆیدایە.

سەرچاوەکان:
١- کتێبی کوردەواریی، عەلائەدینی سەجادی
٢- د. بەدرخان السندی. المجمع الکردی فی **المنظور** الستشراقی.
٣- گۆڤاری مێرگ ژمارە ١٨، ساڵی دووهەم ٢٠٠٦

